پارێزگاری هەولێر: هەمو ڕێکارێك بەرامبەر ئەوانەی دەگیرێتەبەر کە ژینگە پیس دەکەن

ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر رایدەگەیەنێت، هەمو ڕێکارێك بەرامبەر ئەوانەی دەگیرێتەبەر کە ژینگە پیس دەکەن و بەتایبەت ڕکاری داخستن و دەستگیرکردن و دەشێت، "هەر شونێك ببێتە هۆکاری پیسبونی ژینگە، لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت و چاوپێشی لەگەڵ ناکرێت".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی پارێزگای هەولێر، لە پێناو جێبەجێکردنی فەرمانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پیسبونی کەشوهەوا، بەسەرپەرشتی ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، لە دیوانی پارێزگا، کۆبونەوەیەکی تایبەت سەبارەت بە کێشەی پیسبونی کەشوهەوا و چارەسەریەکان و پاراستنی ژینگە لە سنوری پارێزگای هەولێر لەگەڵ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجامدرا.

لە کۆبونەوەکەدا، پارێزگاری هەولێر، سەرجەم لایەنەکانی ڕاسپارد ئەوەی پێویست بێت بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بیکەن و ژینگەی هەولێر پاك بکرێتەوە و ڕاشیگەیاند، "بە دواداچون و گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان توندتر دەکرێنەوە

بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر هەمو ئەو کەس و لایەنانەی پابەندی ڕێنمایی و بڕیارەکان نەبێت".

هەر لە کۆبونەوەکەدا، پارێزگاری هەولێر وتی، "لەسبەینێوە هەمو ڕێکارەك بگیرێتەبەر بەرامبەر هەمو ئەوانەی کە ژینگە پیس دەکەن، هەر لە داخستن تاوەکو دەستگیرکردن، هەر شونكێك ببێتە هۆکاری پیسبونی ژینگە، لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت و بێ ئەوپرسەش چاوپێشی لە کەس نەکرێت".

لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیشدا ئومێد خۆشناو وتی، "دو ساڵ بەر لە ئێستا باس لە بونی نزیکەی 200 پاڵاوگەی نایاسایی لە سنوری پارێزگای هەولێر دەکرا، بەڵام ئەمڕۆ ئەو پاڵاوگەنە نایاسایانە سزادراون و هەندێکیان کاریان وەستاوە".

هاشیگەیاند، " لە مانگی (ئاب/8)ی ساڵی ڕابردو 138 پاڵاوگەی نایاسایی لە سنوری پارێزگای هەولێر هەبون، کە پێیان دەگوترێت پاڵاوگەکانی بەشی دووەم، لە بەردەوامی هەوڵەکانمان، زۆرینەیان ئەو پاڵاوگانەن داخراون بەتایبەت ئەوانەی بونەتە هۆکاری پیسکردنی ژینگەی شارەکەمان، تەنیا لە چەند ڕۆژی ڕابردودا نزیکەی 50 پاڵاوگەی نایاسایی داخراون کە تەواو کاریگەرییان لەسەر پیسکردنی ژینگەی هەولێر هەبو، هیچ یەك لەو پاڵاوگانەن ئێستا نەماون، ئەو پاڵاوگەیانەی ئێستاش ماون بەپێی مەرجی ژینگەیی کار دەکەن".

ئەوەشیخستەڕو، "هەمو ڕێکارێك بەرامبەر ئەوانەن دەگیرێتەبەر کە ژینگە پیس دەکەن، لە داخستن و دەستگیر کردن، خەڵکەکی زۆریش لەسەر پیسکردنی ژینگە دەستگیر کراون، هەر شونكیش ببێتە هۆکاری پیسبونی ژینگە، لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت و چاوپێشی لەگەڵ ناکرێت".